زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی زمان
بەشی زمانی كوردی

# لێكسیكۆلۆجی

## قۆناغی دووەم ٢٠٢٣– ٢٠٢٤

## چەمك و پێناسەی لیكسیكۆلۆجی:

- زاراوەی لیكسیكۆلۆجی كە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە  لە دوو وشە پێكهاتووە ، بەشی یەكەم كە ( لێكسیك ) ە لە وشەی ( فەرهەنگ ، وشەكانی زمان : lexicon ) وەرگیراوە ، بەشەكەی تری ( لۆجی : logy ) بە واتای زانست یا لێكۆڵینەوە دێت .

ليكسيكۆلۆجی lexicology وەك زانستێكی زمان گرنگی بە وشە دەدات لە ڕووی دارشتن و گەشەو گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژەكانی.

كەواتە ليكسيكۆلۆجی گرنگی بە واتای وشەكان و ئەو سەرچاوانەی كە وشەكەی لێ دروستبووە دەخاتە بەر تيشكی لێكۆڵینەوە لەگەڵ ئەو گەشەو گۆرانكارييانەی كە بە درێژايی مێژوو بەسەريدا هاتووە لەگەڵ جياكردنەوەی وشەی ڕەسەن و خواستراو بەكارهێنراو و مردوو.

- كاكلْ و كەرەستەی لێکۆڵینەوەی لیکسیکۆلۆجی وشەیە. وەك ئاشکرایە

( مۆرفۆلۆجی ) ش هەر لە وشە دەدوێ ، بەڵام لێرەدا دەیکاتە هۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستورو رێزمان ، کەچی لە لیکسیکۆلۆژیدا کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشەکانی زمانە.

بۆ نموونە ئەگەر لەباری مۆرفۆلۆژی و لیکسیکۆلۆژییەوە سەیری وشەی ( پاك ) بکەین ، دەبینین ئەوەی بە لای مۆرفۆلۆژییەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم وشەیە ( ئاوەڵناوە – ئاوەڵناوی سادەیە – لە پلەی بەراورد دا دەبی بە ( پاکتر ) و لە پلەی باڵادا دەبێ بە ( پاکترین ) ..

بەڵام لە رووی لیکسیکۆلۆژییەوە ، ئەوەی پەیوەندی بە وشەی ( پاك ) ەوە هەبێت ، ئەوەیە کە ئەم وشەیە لەگەڵ ( پاگژ ) ، ( خاوێن ) دا هاوواتایە .

ئەركی لیكسیكۆلۆجی لێكۆڵینەوەیە لە وشەكانی زمان لەڕووی :

١- واتا.

٢- شوێنیان لەیاسای گشتی زماندا.

٣- پەیدابوونیانەوە.

٤- بەكارهێنانیانەوە.

٥- دەرفەتی جێكردنەوەیان لە ئاخاوتندا.

٦- جۆری دەربڕین و شێوەی چەسپاندنیان لە ڕەوانبێژیدا.

**لیکسـیکۆلۆژی و وشەسـازی :**

**زمان لە وشە پێکـدێت . وشـە ئـەو یەکـە زمانییەیـە کـە لـە قسـەکردن و نووسـیندا بەکاردەهێنرێ ، سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژییە ، لە مۆرفیمیك یـا زیـاتر پێـك دێـت ، هەروەها دوو جۆری لێدەستنیشان کـراوە : وشـەی سـەربەخۆ کـە واتـایـەکی تـەواوی هەیە و وشەی نـاسەربەخۆ ( ناتەواو ) کە واتـای بوونی سەربەخۆی نییە ،بۆ نموونـە :**

**وشـەی سـەربەخۆ: ( دار ، بـەرد ، سـەرۆك ، زەوی ، .... )**
**وشەی نـاسەربەخۆ: ( بە ، لە ، بۆ ، هەڵ ، موە ،ڕا،... )**

هەرچی لیکسیمە ئەو یەکە زمانییەیە کە لەناو فەرهەنگەکاندا تۆمار دەکرێن . دەشێ سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژی دابن ، لەشێوەی وشەی سادە یا ناسادە ( دارێژراو ، لێکدراو خۆیان بنوێنن.

**ليكسيكۆلۆژى و زاراوەسازى:**

**زاراوە وشەيەكى يەكگرتووى خاوەن واتايەكى دەشتتيشان كراوە لە لايەن كۆمەليكى تايبەتى بۆ مەبەستيكى تايبەتى دادەنريت . لە هەموو زمانيكى زيندوودا بەشيكى زۆرى وشەكانى ئەو زمانە پيك دەهينى، كۆلەكەى زمانى نەتەوايەتى و بنچينەى زمانى ستاندارده ، بەهۆيەوە دياليكتەكانى زمان لەيەكتر نزيك دەبنەوە و يەكيتى دەربڕين پيك ديت.**

## تايبەتييەكانى زاراوە:

١- زاراوە جۆرێكە لە وشە ، تايبەتييەكانى وشە دەگرێتەخۆ لەڕووى پێكهاتەى فۆنەتيكى و واتاو قەوارەى رێزمانى دا .

٢- زاراوە كارى تاكەكەس نييە بەڵكو رێككەوتنى دەستەيەكى پسپۆر و شارەزايە لەبوارە جياجياكاندا.

٣- زاراوە وشەيەكى نوێيە دوو واتا يا زياتر دەگرێتەخۆ.

٤- هەموو وشەيەك زاراوە نييە ، بەلاّم هەموو زاراوەيەك وشەيە .

پەیوەندی لیکسیکۆلۆژی بە زاراوەوە ئەوەیە ، کە زاراوە جۆرێکە لە وشە ، بەلاَم ئەوەی لە یەکیان جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە زاراوە وشەیەکی نوێیە و دەستەیەك لە خەڵك دای دەنێن ، کەچی لیکسیك بەرهەمی هەموو خەڵکە نەك تاقمێك ، لە لیکسیك گواستنەوەی واتای تیانییە لە وشەیەك بۆ وشەیەکی تر ، بەلاَم لە زاراوەدا گواستنەوەی واتا مەرجێکی سەرەکییە بەم پێیەش زاراوە لە ئیدیەمدا نزیکە، تاکە جیاوازی ئەوەیە ئیدیەم لەلایەن هەموو خەڵکەوە بەکاردیت نەك تاقمێك کەچی زاراوە تاقمێك بەکاری دێنن و تایبەتە بە زانستێك لە زانستەکان.

## ليكسيكۆلۆجی و فەرهەنگسازی:

فەرهەنگ ئەو کتێبەیە کە ، کەوا وشەی تێدا تۆمار کراوە . جگە لە وشە ، لێی کۆڵدراوەتەوە و واتای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوەو شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنییەتی نووسینیان و درکاندنیان و پەیدابوونیان و ... دراوە ، واتاسازی و فەرهەنگسازی و لیکسیکۆلۆژی بەیەکەوە گرێ دەدات.

فەرهەنگی زمان گرنگی بە لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمان دەدات ، کە تیایدا دوو ڕەگەزی سەرەکی تێدایە ، یەکەمیان وشەیە و دووەمیان واتایە.

## فەرهەنگی وشەیی:

ئەو فەرهەنگەیە کە کەرەستەکانی ڕێکخراون بەڕیزکردنێکی ئەلف و بێی . ئەم جۆرە فەرهەنگە لەیەکەکان دەکۆڵێتەوە و ڕێکیان دەخات ، بنچینەو دارشتنەکانی دەردەخات و واتاکەی شرۆڤە دەکات و پەیڕەوێکی تایبەت دەگرێتە بەر بۆ ڕێکخستنی بێژەکان بە پشت بەستن بە ڕێکخستنی ئەلفوبێیی . هەر چۆنێك بێت ئەم ڕێکخستنە و بوارەکەی بە شێوەی ( ئەبجەدی- ئەلفوبێی ) باو دەبێت، هەروەك زۆربەی فەرهەنگەکان لەسەری دەڕۆن.

فەرهەنگی واتایی:

فەرهەنگی واتایی بەئەلف و بێی پۆلین کراوە ، کەرەستەکانی یا یەکەکانی بەگوێرەی واتاو بابەت و ئاما نجی ئەم جۆرە فەرهەنگانە پۆلینکراوە، کۆکردنەوەی ئەو وشانەی کە دەکەونە یەك کێڵگەی واتایی.بۆ نموونە: چاندن: کێڵگە ، باخچە: زەوی ، شەتڵ : کێڵان ، تۆکردن ، ئاودان ، پەین کردن، بژارکردن، بڕین ،بڕینەوە ، لێکردنەوە ، دروێنە ، ....هتد.

فەرهەنگسازی لقێکە لە زمانەوانی و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکە وشەکان دەدات و شییان دەکاتەوە و لە واتای فەرهەنگییان دەکۆڵێتەوە و پۆلینیان دەکات وەك ئامادە باشییەك بۆ دانانی فەرهەنگ . بەم پێیەش دەبینین واتاسازی و فەرهەنگسازی گرنگی دەدەن بە واتا ، بەمەش واتای فەرهەنگی دەبێتە خالی بەیەك گەیشتنی واتاسازی و فەرهەنگسازی ، دەبینین لیکسیکۆلۆجیش بەهەمان شێوە گرنگی دەدات بە گەشەو گۆرانی واتای وشەکان و ئەو پەیوەندییە واتاییەی کەبەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

## بەشەکانی لیکسیکۆلۆژی:

١- ئیتمۆلۆجی Etmology:

ئەو بەشەیە کە لە زانستی وشە و لەچۆنیەتی پەیدابوون و وەرگرتن و ئەو دەورانەی پێدا تێپەڕیوە دەدوێ.

لە زمانی کوردیدا ئەگەر زانیارییەکی مێژوویی واتای وشەمان هەبێ ، ئەوە ڕۆڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگ وفەرهەنگۆکانەی کە کاتی خۆی وشەکانی زمانی کوردییان تۆمارکردووە و ئەگەر بەتاکە وشەیەکیش بووبێ. یاخود بەرامبەرەکەی وشەیەکی بیانیش بووبێت ، دەکرێ بەتایبەتی بۆ لایەنی مێژووی گۆڕانی واتا سوودمەند بن و وەك بەڵگەنامە سەیر بکرێن .
بۆنموونە : بالآفڕ: فڕۆکە.

له ڕاستیدا واتا کۆنەکان بەرەبەرە لەبەر چاو دا ون دەبن ، و فرێز و پەندی پێشینان سەرلەنوێ لێکدەدرێتەوە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ واتای نوێ وەك وشەی (خۆش): قسەخۆش، پێم خۆشە، بۆنی خۆش، مامەڵەی خۆشە، شوێنێکی خۆشە،...هتد.

جگە لەم واتایەی لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەیەتی هەر فەرهەنگ نووسێکی کورد کۆمەڵێ واتای تری لێ تۆمار دەکات لەوانە:

خواردنەکەی خۆش بوو (بەتام)

چایەکە خۆشە (شیرین)

ئاگر خۆش کردن (زیادکردن)

کەش و هەوا خۆشبووە ( سەرماو سۆڵ نەماوە)

هەندێ جار واتای کۆنی وشە لە دەوروبەرێکی سنوردار دا زیندوو دەبێتەوە ، لە کاتێکدا زۆر لە واتاکان گۆڕاون. بۆ نموونە:
وشەی ( نان ) لە زمانی کوردی کۆندا لەوە دەچێت بە واتایەکی فراوانتر بەکارهاتبێت کەچی ئیستاکە زیاتر لەناو پەندو ئیدیەم و دەستەواژەکاندا ئەو واتایانە ڕەنگ دەدەنەوە. وەك: نانەجۆ، نان و پیاز، نان و ئاو ، نان و سك، نان بڕاو ، نان سوێر، ...هتد.

ڕۆژ خۆشە (هەتاوە)

جەستەم(قەلبم) خۆشە (لەشم ساغە)

لێ خۆش بوون (لێ بوردن)

بۆخۆتان خۆش بن (سەرەخۆشی)

خۆش باوەڕ (ساویلکەیی).

پەیدا بوون و گەشەکردنی وشەکانی زمانی کوردی ، وەکو هەموو زمانەکانی سەررووی زەوی لە دوو ڕێگەوە سەری هەڵداوە :

یەکەم : ڕێگەی ڕاستەوخۆ ، کە هەڵێنجانی وشەی کوردی ڕەسەنە لە نێو زمانی کوردیدا.

دووەم: ڕێگەی لاوەکی ، کە ئەویش وەرگرتنی وشەیە لە زمانانی بێگانە.

بەم جۆرە لە لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆجی زمانی کوردیدا ، پێویستە بنجی زمانی کوردی ساغ بکرێتەوە ، وشەی ڕەسەنی کوردی و وشەی ئێرانی و هیندۆئەوروپایی دەست نیشان بکرێت و سستی و چالاکی وشەکانی زمانی کوردی بخرێتە پێش چاو.

## خێزانە زمانەکانی جیهان:

زمانەوانان ،بەگشتی زمانەکانی جیهان دابەش دەکەن بەسەر چوار خێزانە زمان :

## یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ – ئەوروپی:

ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورە پێکدێت، کەلە ڕەگەزو بنچینەدا نزیکن لەیەکترەوە و ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا تا ئەوپەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپا.ئەمزمانانە دەگرێتەوە:

أ- **كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی** : بەهیندۆ - ئاری ناسراوە ، زمانەکانی میتانی و سانسکریتی و مادو ئەخمینی دەگرێتەوە ، کە ئەویش بەسەر دوو لق دابەشدەکرێت:

١- **زمانە هیندییەکان:** لە زمانەکانی (هیندی نوێ، سانسکریتی، پراکیتی، ،بنجانی ، کۆجەراتی ، بەنگالی ،بەهاراتی ، ئاسامی ) پێکدێت.

٢- **زمانە ئارییەکان:** لە زمانەکانی ( پەشتوویی،ئەسیتی،فارسی کۆن ، فارسی نوێ ،کوردی ، ئەفغانی ، بلوجی ،تاجیکی ) پێکدێت.

ب- کۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە بەزمانانی (کانتۆم) ناسراوە پێکدێت لە:

١- زمانە جەرمەنییەکان : ( ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، هۆڵەندی ، زمانە ئەسکەندەنافییەکان ).

٢- زمانە سلاڤییەکان : ( ڕووسی ، پۆڵەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی ، یۆگسلافی ).

٣- زمانی لاتینیەکان : (ئیتالی ، فەرەنسی ، ئیسپانی ، پورتوگالی ).

٤- زمانی یۆنانی : ( ئەرمەنی ، ئەلبانی ).

٥- زمانی کەڵتی : (ئێرلەندی،بریتۆنی،وێڵزی...هتد).

## دووەم: خێزانە زمانی سامی – حامی:

ئەم خێزانە زمانە لە نیشتیمانی عەرەب و باکووری ئەفریقیا و بەشێك لە ڕۆژهەلاَتەکەی بەکاردەهێنرێت . ئەم کۆمەڵەیەش لە دوو بەش پێکدێت:

أ- خێزانە زمانی سامی : بریتییە لە:

١. زمانی سامی باکوور: زمانی ئەکەدی ، بابلی ، ئاشوری ، کەنعانی ، عیبری و فینیقی.

٢. زمانی سامی باشوور: زمانی عەرەبی ، یەمەنی کۆن ، زمانە حەبەشییە سامییەکان.

ب- خێزانە زمانی حامی : بریتییە لە:

١. زمانی میسرییەکان : میسری کۆن (زمانی قیبتی).
٢. زمانی لیبی یا بەربەری: زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفریقیا وەکو: لیبیا ، تونس ، جەزائر ، مەغریب دەگرێتەوە.
٣. زمانە کۆشیتییەکان: زمانی دانیشتوانە بنەرەتییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە.

## سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی – ئەلتیکی ( ئالتایی )

ئەم خێزانە بەو جۆرە زمانە دەگوترێت ، کە قسەپێکەرانی دەکەوێتە نێوان شاخەکانی ئۆراڵ و ئالتایەوە لە باکووری تورکستانەوە دەستپێدەکات .

ئەم خێزانە دوو کۆمەڵە دەگرێتەوە:

١- ئۆراڵی : فنلندی ، ئەستۆنی ، مەجەری دەگرێتەوە.

٢- ئەلتیکی : تورکی ، مەگۆلی ، تەنوکوسی ، مەنانشۆ دەگرێتەوە.

## چوارەم :خێزانە زمانی چینی – تیبتی

ئەم خێزانە زمانە ، زمانەکانی (چینی ، تایلەندی ،ڤێتنامی،ژاپۆنی، بورمایی ، تیبتی )دەگرێتەوە.

بەم جۆرە دەبینین زمانی کوردی  زمانێکی زیندوو و سەربەخۆی ئێرانییە و زمانە ئێرانییەکانیش بەشێکن لە کۆمەڵەی هیندو ئەوروپی .

زمانی کوردی پەرەسەندووی زمانی ئاڤیستایە و بنچینەیان یەکە بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێکی وشەکانی زمانی ئاڤێستاو زمانی کوردی ئێستا بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

| ئاوێستایی | زارەکانی ئێستای کوردی |
| --- | --- |
| گۆشە | گوێ |
| ئاخشتی | ئاشتی |
| ئاسەنگ | ئاهەنگ |
| ئاسمان | ئاسمان عاسمان |
| ئاواز | ئاواز، ئاواچ |
| ئەشتە | هەشت |
| ئەورە | هەور، هۆر |
| ئوشترە | وشتر، حوشتر |

| | |
|---|---|
| بەرزەت | بەرز، بڵند |
| تەرشن | تێنوو |
| دوشمەنە | دوژمن ، دژمن ، دشمن |
| زاماتە | زاوا |
| نەر | نێر |
| هومر | خۆر |
| کومرگ | گورگ |
| ماسیە | ماسی |

## وشەی زمانی کوردی:

تێکرایی وشەکانی زمانی کوردی بەو شێوەیەی ئەمڕۆی کە هەیە ،بەرهەمی تێپەڕبوونی چەندەها سەدەیە و ئەنجامی پێشکەوتنێکی زۆر دوورو درێژە . بەگشتی وشەکانی ئێستای زمانی کوردی هەندێکیان مێژوویەکی زۆر کۆنیان هەیە، هەندێکیشیان تازە ونوێن . لە پاڵ وشەی ڕەسەنی کوردی وشەی بیگانەش لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەمەش دیاردەیەکە لەهەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە.

هەروەها لە زمانی کوردیدا وشە هەیە چالاکە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت و وشەش هەیە سستە بواری بەکارهاتنی تەسکە ، کەم بەکاردەهێنرین زمان پێویستی پێیان نەماوە کە بەرەو مردن دەچن یا مردوون.

## وشەی ڕەسەنی کوردی :

ئەو وشانەن کە کەلە سەدەی نۆیەمی زاینی تاکو ئەمرۆ پەیدابووینە. زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەن تاییەتمەندییە لەیاسا زمانییەکان و بۆیەش وشەی ڕەسەنی کوردی وا بەرچاو دەکەوێت کە لە هیچ زمانێکدا نیە وەك:

دایك ، باوك ، خوشك ، پیر، ڕەش ، سپی،شەو ، ڕۆژ، ژن ، پیاو،...

ئاین: دین

بەگ: مەزن

دەنگ: لە زەنگەوە هاتووە.

دەستوور: لە دەستەوەر یا دەستەبەر هاتووە.

کەرکووك: لە( گەڕەکۆك ) هاتووە.

لەشکر: سوپا

توور: تووڕەگە

## هەندێ نموونە لە وشەخواستراوەکانی زمانی کوردی

### ١- ئێرانی

زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندو ئەوروپییەکانە لە خێزانی ئارییەکان ، کە زمانە ئارییەکانی وەك : فارسی ، بلووجی ،ئەسیتی ، پەشتوو، کوردی دەگرێتەوە . بۆیە بوونی هەندی وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا شتێکی ئاساییە و ئەرك ناخاتە سەر قسەپێکەرانی کورد، چونکە نامۆ نییە لەلایان، بۆنموونە وشەی ( دوور) لە کوردی و فارسیدا هاوبەشە و پاشماوەی ( دوورا ) ی ئاڤێستایە. هەندێ وشەی تریش وەك : نوشتە ، ومرزش ، رۆژنامە، نایاب، ....هتد. هەروەها ئاسەواری ئێرانی بەتایبەتی لە ژمارەو جێناودا دەبینرێ: یەك، دوو ، سێ، حەوت، دە، ... ، تۆ ، ئەو ، ئێوە، کێ ، چی،... هتد.

## ٢- هيندو ئەوروپی:

هەروەك وتمان زمانی كوردی سەر بە بنەماڵەی هیندو ئەوروپییەكانە ، بۆیە وشەی وا لە زمانی كوردیدا بەرچاو دەكەوێت كە بنجی هیندو ئەوروپییان هەیە وەك: برا ، نوێ ، گەنج، گەورە، هێلكە، كلیل، مات، پرد، ڕێ،كاسە،شەرم، سەتڵ لە ( scatual ) ی لاتینییەوە هاتووە.....هتد.

هەروەها نزیكی دەربڕین زمانە هیندو ئەوروپییەكان لە ژمارەشدا نیشان دەدرێت وەك:

یەك - ئێك ( هیندی ) .

دوو- two( ئینگلیزی ) دوێ ( هیندی ) دوێ ( ئیتاڵی ) دوێ ( فرەنسی ) .

نۆ – nine ( ئینگلیزی ) ، نۆین ( ئەڵمانی ) ، نۆڤی ( ئیتاڵی ) نۆڤ ( فەرەنسی ) .

### ٣- عەرەبی :

هاتنە ناوەوەی وشەی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام بوونی کورد لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب ، لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی و تێکەلأوی و دراوسێیەتیش . لەگەڵ ئەمەش بەشێك لە کلتوری عەرەبی هاتە ناو زمانی کوردی بەتایبەتیش ئەو وشانەی کە پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە هەبووە وەك : ( زەلیل،منەت،ویژدان،مامەلە، تەقلید ، جەماعەت ، حەج ، زەکات ، زوڵم ، سەبر، شەرح، عەدالەت، حەیا، مەزهەب، حۆری،... هتد ).

هەروەها لەهەندێ وشەدا دەستکاری دەنگەکانیان کرا ، چونکە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا نەدەگونجا وەك: ( ث، ص ، ض ، ط ، ظ ، ذ ) کرا بە ( س ، ت، ز،.. )

بۆنموونە :

طعم: تام

عن قصد: ئەنقەست

صابر: سابیر

ثروة: سەروەت

طابو : تاپۆ

قرض: قەرز

حوض: حەوز

ظلم: زوڵم

ذخیرة: زەخیرە

اذاعة: ئیزاعە

## ٤- توركی :

بوونی وشەی تورکی لەناو زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی عوسمانیەکان لە کوردستان ، هەروەها چۆن لەئە نجامی دراوسێتی و تێکەلاوی کورد لەگەل فارس و عەرەب ، ژمارەیەك لە وشەی فارسی و عەرەبی کەوتۆنەتە ناو زمانی کوردییەوە ، هەر لەو ڕێگەیەشەوە گەلێك وشەی تورکی هاتۆنەتە زمانی کوردییەوە وەك: قەرەداغ، قامچی، قوتی، پاقلاوە، تەکییە ، دۆندرمە ، بورغی، یا پراخ، دۆلمە، چەکوچ، دۆشەگ، قامچی، توچمە، قوزەلقورت، تەختە، بۆینباخ، ...هتد.

٥- سانسكريتى :

چادر: له چەترەوە هاتووە.

چەتر

چارشێو: له (چادر)ەوە هاتووە واتە چەترى شەو

مسك: جۆرە بۆنێكە

پەراسوو :

سامان : سەروەت

شەرواڵ

پەتێ: شتى پاك.

## ٦- ئینگلیزی:

چاکەت: Jacket

سویچ : switch

تایتڵ: title

ئێشان: ache

هۆڕن: horn

لۆری: lorry

پرۆفایل: profile

**٧- چینی:**

چای

کاخەز:کاغەز

**٨- یۆنانی:**

دراو: لە دراخمیٚ ی یۆنانیەوە هاتووە.

ئەفەندی

ئەڵماس

فانۆس: چرای نەوت ، لە فانۆز( fanoz ) ی یۆنانیەوە هاتووە.

ئەتڵەس

گاز: gaz

نامووس: لە (نۆمۆس)

پیاڵە

قەپان: (گەپیان) هاتووە.

تۆمار: لە ( tom ) ەوە هاتووە واتە نەخشەکیٚشان.

## ١٠- لاتينى:

دينار

ستران

گومرگ

كابينه: له (capanna) ەوه هاتووه.

قاماووس : له (campus) ەوه هاتووه

سلاو: له (salaus) ەوه هاتووه.

**١١- عیبری:**

ئاخ

ڕەبەن: لە ڕەهبانەوە هاتووە.

شەیتان

**١٢- هیندی:**

عەمبە

تەنك : لە ( tenuke ) ەوە هاتووە

## ١٣- فەرەنسی:

عەتر : بۆن لە (odeut)

فانیلە: ژێرکراس لە (flanelle)

گالۆن

گەراج

کامیۆن: لۆری گەورە لە (camion) وەرگیراوە.

کۆنترۆل

ماشێن: ئۆتۆمۆبێل

پاڵتۆ: مانتۆ

پرۆژە: لە (project )

قۆنتەرات: لە (contract) ەوە هاتووە.

قوماش

شۆستە: لە (chausse ) ەوە هاتووە.

**١٣- سلاڤی:**

**گالیسکە: عارەبانە**

**١٤- ڕووسی:**

**ئیستیکان : لە ( ستاکان ) ەوە هاتووە.**

**سەماوەر**

**کەرپوچ**

**١٥- ئەوروپایی:**

کەناڵ

مەکینە

ماتۆر

پانتۆڵ

پاتری

یەخە،یاخە

**١٦- ئەڵمانی:**

قاپوت: لە( kaputze )

تانکی : لە ( tank )ـەوە هاتووە.

ئەو وشانەی  کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا هەندێکیان زۆر ئاشکراو دیارن کە وشەی سەر بە زمانی ترن واتە بیگانەن ، بەلاّم هەندی وشەی بیگانەی وەهاش هەن بە پیچەوانەوە تەنیا لە رِیگای تویژینەوەی تایبەتی و زمانەوانییەوە دەتوانریٚ شی بکریٚنەوەو دەربخرین.

## ١٩- زاراوەی جیهانی:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی داهێنان و پێشکەوتن هاتوونەتە کایەوە ، سنووری زمانی خۆیان دەبەزێنن و دەکەونە ناو زمانی ترەوە و بەهەمان واتاش بەکاردێن . بەشی زۆری زاراوەی ئەوروپی دەگرێتەوە کە بۆ پێشکەوتنی باری کەلتووری وپیشەسازی دەگەڕێتەوە لە هەموو بوارەکاندا. لە هەموو زمانێکیشدا بەرچاودەکەوێت وەك: ئەلکترۆن ، ئەمپێر ، ئەنتەرنێت ، بالۆن ، تەلەفۆن ، جوگرافیا ، سەتەلایت ، ڤایرۆس ، ڤیتامین ، ڤیدیۆ ، مۆبایل، کۆمپانیا ، کامیرا ، کەلتوور ، دیموکراسی، سینەما، سایکۆلۆژی، میتافیزیك، فەیلەسوف، مایکرۆسکۆپ، تەلەسکۆپ، مایکرۆسۆفت، ...هتد.

٢٠- وشەی مردوو:

لەکارکەوتن ومردنی وشە کارێکە یەکسەر ڕوونادات ، بەڵکو لەسەرخۆ دەبێت . دواى ئەمە لەڕێگای هۆی تایبەتییەوە بەکارهێنانی هەندێ وشە کەم دەبێتەوەو لەشێوەی بەکارهێنانی چالاکەوە سست دەبنەوە، ئینجا دواى ئەمە وردە وردە کەمتر بەکاردەهێنرێن و تا بەیەکجاری لەسەر زار دەکەون و زمان بەجێ دەهێڵن.

لەنێوان وشە مردووەکاندا جیاوازی هەیە ، هەندێ لەو وشانە بەچەشنێك لەکارکەوتوون و سەردەمێکە لەسەر زمان نەماون ، کە نەوەی ئێستای کورد نەیبیستوون و تەنیا لە رێگەی لێکۆڵینەوەو ە بەدیار دەکەون ، ئەم جۆرە وشانەش بریتین لە :

١- ئەو وشانەی بەتەواوی لە زمان چوونەتە دەرەوە و بەهیچ جۆرێك لەزمانەکەماندا بەدی ناکرێن .

هەروەك ئۆسكارمان زانای ئەڵمانی ، ئاماژە بەچەند نموونەی کوردی دەکات کەبەتەواوی لەکار کەوتوون و لەزمانی کوردی نەماون، وەك ( نسرين ، کەبرێن ، سەبڕێن ) ، وشەی ( نسرين ) لە ڕستەدا ماناکەی ڕوون دەبێتەوە ، بەمانای خەم و پەژارە دێت، وەك لەم دێرە شیعرەدا دیارە :

ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینێ

بانگ دەکا : برایم چاکە، مەکێشە خەم و نسرینێ

هەرچی وشەی ( کەبرێن و سەبرێن ) واتایان لەڕستەشدا ڕوون نابێتەوە ، وەك:
دەڵێ: خولایە نەبەکەبرێنی نەبەسەبرێنیٚ
بۆ خۆت گیانان دەدەی ، گیان دەسێنی

٢- ئەو وشانەی بەشێك لە ڕێژەكانیان لە زماندا نەماون ، بۆ نموونە وشەی ( پەروەردە ) ، وەك ناوی بەركار ماوە ، بەلاَم ڕێژەكانی تری نەماون ، كەچی ئەگەر تەماشای زمانی فارسی بكەین دەبینین ڕێژەكانی تری ئەم وشەیە ، وەك ( پرویدن ، میپروران ، پروش ، ...هتد ) ماون.

٢٠- وشەی نوێیاو:
ئەو وشانەن کەوا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەك لەزماندا بەکاردەهێنرێن و تازە هاتۆنەتە ناو زمانەوە و هێشتا نەچۆنەتە ڕیزی وشەی چالاکی ئەو زمانەوە، بۆنموونە (بێتەل، بڵندگۆ ،...هتد) .

وشەی نوێیاو پەیدا دەبێ لەئەنجامی:

١- هاتنەکایەی شت و مانا و دیاردەی نۆێ.

٢- سەرهەڵدانی ناوی نوێ بۆ ئەو مانایانەی کەناویان هەبووە.

٢- واتاسازی:

أ- لیكسیك و واتا:

لیكسیك بەپێی واتا دابەش دەبێت بۆ:

١- تایبەت: ئەو وشانە دەگرێتەوە كەیەك واتایان هەیە وەك : دار ، بەرد ، ئاسن، ... هتد.

٢- هاوبەش : ئەو وشانە دەگرێتەوە كە زیاتر لەواتایەكیان هەیە و دەبنە دوو بەش:

أ- فرەواتا polysemy:

هاتنی دانەیەکی فەرهەنگییە بە زنجیرە واتایەکی جیاواز. یا وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە ، بەڵام واتاکایان لە یەك نزیکن و بەیەك وشە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن، وەك:

ڕۆژ ( ڕۆژەکانی هەفتە )

ڕۆژ ( خۆر)

مانگ (مانگەکانی ساڵ)

مانگ ( قمر)

ب- هاوبێژی homophone:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە واتاکانیان لەیەکدوورن و لە وشە فرەواتاکان دروستبوون ، واتاکانیش لە بنچینەدا بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەرێنەوە واتە هەڵقوڵاوی یەك رەگەز و بنچینە نین ، وەك:

ئازار ( مانگی مارت )

ئازار ( ئێش و ئازار)

شیر ( حلیب )

شیر ( شمشیر )

لەزمانی کوردیدا سێ جۆری وشەی هاوبێژ بەرچاو دەکەون :

١- ئەو وشە هاوبێژانەی بەخوێندنەوە و بە نووسین وەك یەکن ، بۆ نموونە :

ئاش : جێی هارین و پاککردنی دانەوێلە

ئاش : چێشت

مانگ : وەکو مانگی ساڵ

مانگ : هەیڤ

خاڵ : وەکو نوقتە ( لەخاڵبەندیدا )

خاڵ : وەکو خاڵی ڕووخسار

خاڵ : وەکو برای دایك

٢- ئەو وشە هاوبیژانەی بە نووسین وەك یەكن ، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازییان هەیە ، وەك:

هەمانە ( ئێمە هەمانە )

هەمانە( كیسەیەكە لە پێستی مەڕو بزن دروستكراووە )

٣- ئەو وشە هاوبێژانەی لەهەندێ باری ڕێزمانیدا لەیەکتر نزیک دەبنەوە ، وەك:

تاڵە (بەو ئاژەڵە دەوترێ کە لایەکی ڕەشە و لایەکی سپی یە )

تاڵە ( ئەو خواردنە تاڵە )

پەیوەندی واتایی نێوان لیکسیکەکان:

ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندی شوێنی ناسراوە کە بریتی دەبێت لە پەیوەندیی وشە بە وشەکانی پاشترو پێشتری خۆی ، بۆ نموونە : هەموو ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە وشەی ( سێو ) لە بەکارهێنانەکانیدا دەییەستێتەوە بە وشەکانی تر لەڕستەیەکی وەك :

لاوان سێوەکەی خوارد.

ئەم جۆرە واتایە دوو وشە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لەناوەوەی زماندا کاردەکات و واتای هەر وشەیەك دیار ناکرێ ، تاکو وشەکانی دەوروبەری نەزاندرێ، چونکە وشەکانی دەوروبەر مانای تاکە وشەکە ڕوون دەکەنەوە . بەواتایەکی تر واتای فەرهەنگی هەر وشەیەك بەشێکە لە واتاکەی لەناو ڕستەدا.

(سۆسێر) لەو باوەڕە دایە کە زمان پەیرەوێکی پەیوەندیە کە وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و نرخی هەر وشەیەك لەو شوێنەدایە کە تیایدا بەکاردێت، هەر بۆیەش ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە نابنە هاوواتا:

هێژا هەردی دەناسێ.

هەردی هێژا دەناسێ.

لەبەر ئەوەی وشە واتایەکی چەسپاوی نیە و بەگوێرەی شوێنەکەی دەگۆڕێت ، بۆیە هەندێ لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان ، کە یەکەی سەرەکی واتا ڕستەیە نەك وشە ، چونکە واتاکەی ڕوونترە. کەواتە واتای ڕستە تەنها بەواتای وشە نەبستراوەتەوە ، بەڵکو بەهەموو ئەو واتایانەش بەستراونەتەوە کە لەگەڵی بەکاردێن.

دەركەوتنی وشە لە هەر ڕستەیەكدا دەبێت دوو جۆر پەیوەندی ڕەچاو بكرێت:

١- پەیوەندی ستوونی:

مەبەست لە پەیوەندی ستوونی پەیوەندی وشە سازیی نێوان وشەكانە كە دەتوانرێت لەباتی دابنرێت یان وشەیەك بە وشەیەكی تری هاوئەرك بگۆردرێتەوە بێ ئەوەی كار لە پەیوەندی ئاسۆیی ڕستەكان بكات . بۆ نموونە ڕستەیەكی وەك: ئەو بەیانی هات.

هەر یەك لە وشەكانی ئەم ڕستەیە پەیرەوێك لە دەرەوەی ئەم ڕستەیە دروست دەكەن. بۆ نموونە جێناوی ( ئەو ) لەگەڵ جێناوی تری وەك ( من ، تۆ ، ئەوان ، ...هتد ) پەیوەندی هەیەو پۆلێكی پەیوەندیی وشەسازی دروست دەكەن كە جێناون.

كەواتە ئەم جۆرە پەیوەندییە لە زماندا پۆلینمان بۆ دەكەن لە چەندین پەیوەندی وەك هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوە...هتد.

٢- پەیوەندی ئاسۆیی:

١- هاوواتا synonomy:

هاوواتا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە : دوو وشە یان زیاتر کەلە واتادا وەك یەك بن.

(ئۆڵمان) بەم شێوەیە پێناسەی هاوواتا دەکات:

هاوواتایی بریتی یە لەو وشانەی کەلە واتادا یەکن و دەتوانن لەشوێنی یەکدی بێن و لەهەر سیاقێکدا بێت ، ئاڵوگۆڕبکرێن.

بەڕای زمانەوانان هاوواتای تەواو لە زماندا نیە ، یاخود زۆر کەمە ، کەواتە ئەو وشانەی لەفەرهەنگدا بەهاوواتا دادەنرێن دەکرێ ناوی هاوواتای ناتەواو یان نیمچە هاوواتایان لێ بنرێت ، چونکە لە واتادا هاوتا (مطابق) نین، بەڵکو جۆرەنزیکی و لێکچوونێکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە.
( پاڵمەر) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە زۆر گرانە دوو وشە هاوواتای تەواو لە زمانێکدا هەبن.

بۆ  نموونە :

هەردوو وشەی (جوان و قەشەنگ  )  دەتوانن لە ڕستەدا لە بریتی یەکتربێن  :

ئازاد کۆشکێکی ( جوانی ، قەشەنگ ) ی کڕی.

بەلاّم ئەمە لەهەموو وشەیەکدا نابێت هەرچەندە هاوواتاش بن.

## سەرچاوەی دروست بوونی هاوواتا :

سەرچاوەی دروست بوونی هاواتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- بوونی چەند دیالێکت و بەشەدیالێکت لە زمانێکدا وەك : لووت، کەپوو – قژ ، پرچ – باسك ، قۆل ) .

٢- لەئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی جیاواز یان بەکارهێنانی زاراوەی جیاواز وەك: بەرەوژێر، بەرەوخوار .

٣- بەهۆی خواستنی وشەی بێگانە کەلە پاڵ وشە ڕەسەنەکە بەکاردەهێنرێت وەك : مەردوم ، ئینسان ، مرۆڤ ، ئادەمیزاد – هەژار ، فەقیر – زەوی ، عەرد ، ئەرز.

٤- هۆکاری دەروونی دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوواتا بۆ نموونە بۆ مردن چەند وشەو دەستەواژە بەکاردێت وەك : مرد ، کۆچی دوایی کرد ، چرای ژیانی کوژایەوە ئەمری خوای کرد ، تۆپی ،... هتد کەهەست دەربڕینی تیدایە.

٢- داپۆشین Hyponymy:

داپۆشین یان گرتنەوە گرنگترین پەیوەندی واتاسازی ڕۆنانییە .

(لاینز) دەڵێت داپۆشین : بریتییە لەم پەیوەندییەی کە لەنێوان دوو وشەدا هەیە بەشێوەیەك کە واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت کە بتوانێت واتای وشەکەی تریش بگرێتەوە.

داپۆشین لەسەرێکەوە نزیکە لە هاوواتا چونکە وشە گشتییەکە دەتوانێت شوێنی وشە تایبەتییەکە بگرێتەوە وەك باڵندە (کۆتر ، بولبول ، تاوس ، ... ) جا کاتێ دەڵێین : تاوسێکم هەیە = باڵندەیەکم هەیە .

له دا پۆشیندا زاراوەیەك هەیە پێی دەڵێن زاراوەی گشتی یان وشەی دا پۆشەر و چەند زاراوەیەکی تایبەتیش هەیە کە پێیان دەڵێن زاراوە تایبەتییەکان پۆلێك دروست دەکەن لەناو زاراوە گشتییەکەدا ، وەك : گوڵ ( مێخەك ، نەسرین ، دالیا ، یاسەمین،... هتد ) .
ئەم وشانە پۆلێکن لە گوڵ ، جا زاراوە گشتییەکە گوڵە و جۆرەکانی ئەندامی ئەو پۆلەن .

وەك :

گوڵێکم بۆ برد .

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ گوڵە مێخەکێکم بۆ برد .

بەلام کاتی دەلێن : گوڵە مێخەکێکم بۆ برد = گوڵێکم بۆ برد.

یان ئەگەر بڵێین :

گوڵێکم بۆ برد  مێخەکم بۆ برد .

چونکە ئەندامی تری جیاواز لەوانەیە گوڵێکی تری وەك یاسەمین یان دالیای بۆ بردبێت . بەهەمان شێوە کە نەفی دەکرێت مانای ئەوە نیە :

گوڵێکم نەکڕی = میخەکم نەکری واتە:

مێخەکم نەکڕی  گوڵم نەکڕی.

٣- بەش لە گشت:

بریتییە لە بەشێك لەگشت. واتە ئەو پەیوەندییەیە کەلەنێوان ( چاو ) و ( لەشی مرۆڤ ) دا هەیە ،یا پەنجە بەشێکە لەدەست و دەست بەشێکە لە قۆل و، قۆل بەشێکە لە مرۆڤ. هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ( تایە ) و ( ئۆتۆمبیل ) دا هەیە.

٤- جیاوازی :
جیاوازی پەیوەستە بە بیرۆکەی نەریٚ وەك دژواتا ، ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنیٚوان ئەو وشانەدا دەبیٚت کەیەکتر داناپۆشن ، بەڵکو دوو وشە جیاوازەکە دەبیٚت زاراوەیەکی گشتیان هەبیٚت ، وەك : مانگەکانی ساڵ ، ڕۆژەکانی هەفتە ، پلەکانی سەربازی ، ڕەنگەکان ،...هتد.بۆنموونە:
پەیوەندی نیٚوان سەگ و پشیلە پەیوەندییەکی جیاوازییە ، چونکە زاراوەکی گشتیان هەیە کە ئاژەڵە و دواتریش یەکتر داناپۆشن ، کەواتە مەرجی جیاوازی نەبوونی دا پۆشینە.

٥- دژواتا :

بریتییە لە دوو وشەی دژو پێچەوانەی یەکترلە واتادا .

تایبەتییەکانی دژواتا :

١- پەیوەندییەکی دووقۆڵیە. کورت - درێژ

٢- بیری بەرەنگاری تێدایە . واتە لەهەمان کاتدا ناتوانین بڵێین ( پیاوەکە کورت و درێژە ).

٣- دوو پلەی هەیە. (باش – خراپ ، گەرم – سارد )

## جۆرەکانی دژ واتا :

جۆرەکانی دژواتا بریتین لە :

١- تەواوکەری: لەم جۆرەی دژواتادا وشەکان یەکتری تەواو دەکەن وەك (نێر – مێ ، زیندوو – مردوو ، ڕاست – چەوت ، پیاو – ژن ،...) . لەنێوانیاندا پلە نیە، هەریەکیان جەمسەرێك دەگرن ، ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێت لەجەمسەرەکەی ترە . ئەگەر یەکێکیان نەفی بکەین ئەوا ئەوەی تریان دەسەلمێنین ، جا کاتێك دەڵێین : کەوەکە نێرە . ئەوا ئەوەمان ڕەت کردۆتەوە کە کەوەکە (مێ) بێت.

٢- دژواتای پلەدار: ئەم جۆرە دژواتایانە ئاوەڵناون ، وەك ( گەورە- بچووك، کورت - درێژ، ... ) جا لەڕووی لۆجیکەوە نەفی کردنی یەکێکیان ، پەسند کردنی ئەوی تریان نیە . ئەم دژواتایانە ڕەهانین ، بەڵکو ڕێژەیین ،دەتوانێ پلەش وەربگرێ بۆنموونە کاتێك دەڵێن ( جوان نیە ) مانای ئەوە نیە ناشیرین بێ چونکە پلەی تر هەیە.

هەروەها ڕادەش وەردەگرێ بۆنموونە کاتێك دەڵێن : زۆر گەرم.

٣- دژواتـای پێچەوانەیی : لە پەیوەندی هەندێ وشەی وەك ( كڕین و فرۆشتن ، ژن و مێرد ، دەردەكەوێ ، زۆر جاریش بەیەكەوە دێن . بۆنموونە ئەگەر بڵێن : (كتێبەكەم لەئازاد كری ) . واتە ( ئازاد كتێبەكەی بەمن فرۆشت ).

٤- ئاراستەدار: ئەم جۆرە دژواتـایە لە ئاراستەکاندا دەبێت وەك : (سەر- خوار) ، ( راست – چەپ ) ،... کەلە ئاراستەدا دژو پێچەوانەن.

ج- ئیدیەم (فریزیۆلۆجی) (phraseology):

ئیدیەم لە دوو وشەی وەك یەك ، یاجیازاو ، یالەکۆمەڵێ وشەی پێکەوە گونجاو، یان ڕستەیەك یان پتر پێکدێ کەبەسەر یەکەوە واتایەکی نوێ دەبەخشن ، کە جیاوازە لەواتای هەریەکە لەو وشانە بەجیا ، کە ئیدیەمەکە پێك دەهێنن.

ئیدیەمەکان لەزمانی کوردیدا بەپێی مەبەستی بەکارهێنانیان بەسەر چەند گروپێکدا دابەشدەکرێن :

١- ئەو ئیدیەمانەی یەك واتا دەبەخشن وەك: قیت و قۆز ، پاك و خاوێن ،.گەرم و گوڕ..

٢- ئەو ئیدیەمانەی پتر لەواتایەك دەبەخشن وەك : زمانی لەدەم دا نیە . ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ. دەست درێژ.... لە هەریەك لەو ئیدیەمانەدا مەبەست واتا ڕاستەقینەکەیان نیە ، بەڵکو مەبەست واتا خوازەییەکانە.

هەندێ ئیدیەم هەن لەهەمان کاتدا بۆ واتای ڕاستەوخۆ بۆ واتای خوازەییش بەکاردێت ، بۆ نموونە:

دۆو دۆشاوی تێکەڵ کرد. دیزە و گۆزەی بەیەکدادا ( شکاند )

٣- ئیدیەمە دژەکان : ئەو ئیدیەمانەن کەلە مەبەستدا دژ یەکن وەك:

دەست پاك - دەست پیس

وەچاخ ڕوون( ئاوەدان )- وەچاخ کوێر

دڵپاك - دڵ پیس

ڕووخۆش - ڕووگرژ

٤- ئیدیەمە لەیەکچووەکان : وەك چەنەباز - زۆربڵێ ، دەست کورت - هەژارونەدار، درێژ دادر - زۆربڵێ ،...هتد.

پەرەسەندی فۆرم و واتای وشە:

١- ڕێگاکانی ڕۆنانی لیکسیك: وشەکانی زمانی کوردی وەکو وشەی هەموو زمانانی تر ،بەگەشەو گۆڕان دا دەروات ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگە دەگرێتەبەر بۆ دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگەکەی ، کەلەئەنجامی پێویستییەکانی زمانی کوردی هاتۆتە کایەوە ، وەك:

یەکەم: وەرگرتن:

لەئەنجامی هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆرانکارییە خێراکانی تەکنەلۆجیا ، وشەو زاراوەی نۆی لەهەموو زمانەکانی جیهاندا پەیدا دەبێت.

وەرگرتن بریتییە لە گواستنەوەی بێژەی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی ، پێی دەوترێت (خواستراو) . جا ئەگەر هاتوو ئەو زاراوەیە وەك خۆی وەربگیرێت هیچ گۆرانكارییەكی بەسەردا نەهاتبێ پێی دەوترێت (هاوردە) وەك : كۆمپیوتەر ، تەلەفزیۆن ، حەج ، زەكات ،قەدەر ..هتد. بەڵام ئەگەر زاراوەكە بەپێی سازگەی زمانی دووەم بگۆردرێت بكەێتە ژێر دەستووری ڕێزمان و فۆنەتیكی ئەو زمانە پێی دەوترێت (سازدراو). بۆ نموونە وشەی ( قوتابی) لە (الكتتاب) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بەسێ قۆناغ ڕۆیشتووە:

١- دەنگی (ك) گۆڕاوە بۆ (ق)

٢- لە دوو (ت) یەكێكیان فرێدراوە.

٣- واتای كتتابی عەرەبی لە (شاگرد) ی حوجرە بۆ فێرخوازی فێرگە و زانكۆ گۆڕاوە.

حق : دەنگی ( ح ) گۆڕاوە بۆ ( ه ) بۆتە هەق.
الكتاب: دەنگی ( ێ ) زیاد بووە بۆتە (کتێب).
بحث: ( ا ) زیاد بووە و ( ث ) گۆڕاوە بۆ ( س ) بۆتە ( باس )
وجدان: دەنگی ( ج ) گۆڕاوە بۆ ( ژ ) بۆتە وژدان.

٢- داتاشین:
ئەم جۆرە ڕێبازە بۆ دروستکردنی وشە لە ڕێگای لێکدانەوە دەبێت، بەڵام لە ئەنجامی لێکدان هەندێ دەنگ دەسوێ یا گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، وەک:

نۆکاو= نۆک + ئاو

ماستاو = ماست +ئاو

ڕێنووس = ڕێگە + نووسین

ڕێزمان = ڕێگە + زمان

زانکۆ = زانین + کۆکردنەوە

خورمێژ = خورما + مێوژ

مۆبیتێل = مۆبایل + تیلیکۆم

شمەک = شت + مەک

٣- لێكدان : ڕێگەیەكە بۆ دروستكردنی وشەو زاراوە كەلە ئە نجامی لێكدانی دوو وشە ، وشەیەكی نوێ دێتە كایەوە ، هەندێكیان بەهۆی ئامرازی لێكدەر هەندێكیشیان بەبێ ئامرازی لێكدەرو یان بەدووبارە كردنەوەی وشە دروست دەكرێن ، وەك:

دەستنوێژ = دەست + نوێژ

خۆشباوەر = خۆش + باوەڕ

گوڵەباخ = گوڵ + ە + باخ

لەرزوتا = لەرز + و + تا

لق و پۆپ = لق + و + پۆپ

چوارچوار= چوار + چوار

جارجار = جار + جار

پۆل پۆل= پۆل + پۆل

٤- دارشتن: واتە بێژەیەك لە بێژەیەکی دیکەوە دابرێژرێت ، بەمەرجێك هەماهەنگی و گونجان لەنێوانیان دا هەبێت ، بۆ نموونە لەڕەگی وشەی ( زانین ) چەندان وشەی تر دارێژراون وەك : زانا ،زانست، پێزانین ، دەزانم ، زانراو، ...هتد.

أ- دارشتنی ناو: لە شێوەی پێشگرو پاشگر دەردەکەون بەشداری لە دارشتنی وشەدا دەکەن وەك:

١- پێشگرەکان :

هاوپۆل=هاو + پۆل

هاوپیشە=هاو + پیشە

هاوڕێ= هاو +ڕێ

هاوژین = هاو +ژین

هاوسەر= هاو +سەر

٢- پاشگرەکان :

وەك ( دان، دار، وان، ەوان، گەر، ساز، چی، مەند، ێن، ێنە، ەوا، ....

گوڵدان= گوڵ+دان

بریندار = برین+ دار

ئاشەوان = ئاش + ەوان

ئاسنگەر= ئاسن + گەر

کەبابچی = کەباب + چی

پشتێن= پشت + ێن

زەردێنە= زەرد+ێنە

نانەوا= نان+ەوا

ئەم پاشگرانەش ( ی، ەتی، ایەتی ) دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی داڕێژراوی لێ پێکدێنن:

کوردایەتی=کورد +ایەتی

جوانی = جوان + ی

نەمری =نەمر + ی

خۆشناوەتی=خۆشناو+ەتی

برایەتی = برا+ ەتی

دۆستایەتی= دۆست + ایەتی

پاشگری ( گە، گا، خانە، ستان، دان، ... ) دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی دارێژراوی لێ پێکدێنن ، بەشێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە پیشان دەدەن.وەك:

کارگە= کار+گە

دادگا= داد +گا

کوردستان= کورد+ ستان

ئاگردان= ئاگر+دان

پاشگری ( له، ڵه، ۆ، یله، یلکه، ۆڵه،..هتد بەشێوەیەکی گشتی بۆ بچووك کردنەوە بەکاردێت وەك:

مێروله= مێرو+ له

گۆزەڵه= گۆزە+ڵه

کوردۆ= کورد+ۆ

کیژۆڵه=کیژ+ۆڵه

پاشگری( ی، ە، ەتی ) دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادە، ناوی دارێژراو دروست دەکەن وەك:

جوانی =جوان+ی

سەوزە= سەوز+ە

ئازایەتی= ئازا+ ەتی

٢- دارشتنی ناوەلناو:

أ- پێشگرەکان:

بێهۆش = بێ + هۆش

بەهێز = بە + هێز

نەخۆش = نە+ خۆش

نارێك = نا+ڕێك

ب- پاشگرەکان:

ورگن= ورگ+ن

بەفرین= بەفر+ین

مندالأنە= مندالْ+ انە

ژنانی= ژن + انی

غەمناك= غەم +ناك

فیلْباز= فیلْ + باز

پیسۆ= پیس+ۆ

نەرمەلە= نەرم + ەلە

مردوو= مرد+وو

٣- دارشتنی ئاوەڵکار:

أ- پێشگر:

بەگوڕ= بە +گوڕ

ب- پاشگر:

شەوێ= شەو+ێ

ژیرانە= ژیر+انە

شەوەکی= شەو+ەکی

٤- دارشتنی کار:

کار له زمانی کوردیدا به دوو شێوه دادەڕێژرێت:

أ- پێشگر:

دابەزین= دا+بەزین

ڕاگرتن= ڕا+گرتن

هەڵچوون= هەڵ+چوون

وەرگێران= وەڕ+ گێران

تێگەیشتن= تێ+گەیشتن

لێدان= لێ+ دان

ب- پاشگر:

کردنەوە= کردن+ەوە

سوتاندن= سوت+ اندن

٥- وەرگێران: ڕێیازێکە لەو ڕێیازانە کەلە زانستی زاراوەسازیدا بەکاردەهێنرێت بۆ پێکهێنانی زاراوەی نوێ لەزماندا.

وەرگێران واتە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بەواتاکەی نەک بە بێژەکەی.وەك:

اخراج: دەرهێنان

تمثیل: نواندن

اجتماع: کۆبونەوە

البنیة التحتیة: ژێرخان

المظاهرة: خۆپیشاندان

٦- کورتکردنەوە:

واتە کورت کردنەوەی وشە ، ئەمەش بەچەند شێوە دەردەکەوێت:

أ- پارچەکردن: بریتییە لە پارچەکردن و کورتکردنەوەی وشە ، پرۆسەیەکە ، کە پارچەیەك لە پێش یا لەدوای وشەکە وەردەکیرێت و بەکاردەهێنرێت لە جێگای فۆرمە گشتییەکە ، بەمەش فۆرمێکی سەربەخۆ دروست دەبێت، وەك:

ترافیك : زۆر کات جێگای وشەی ( ترافیك لایت ) وەردەگرێت .

ئۆمێگا : جێگای وشەی ( ئۆپڵ ئۆمێگا ) ی گرتووە.

ب- ئەكرۆنیم : بریتییە لە لێكدانی بڕگەی یەكەمی یا دەنگی یەكەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەكەوە یان وەك دەنگی پیتەكان ، هەر پیتێكیش بەجیا دەنووسرێت ، كە ئەمەش بە ئەكرۆنیمی ڕێنووس ناودەبرێت ، وەك:

پ. د. ك ← پارتی دیموكراتی كوردستان

ی. ن. ك ← یەكێتی نیشتیمانی كوردستان

پ. ك. ك ← پارتی كرێكارانی كوردستان

هەروەها لە نموونەكانی وەك : د.خ ، پ.ز، ....

٧- ئاوەڵواتا : لەزمانی کوردیدا خوازەشی پێ دەوترێ . واتە بێژەی وشەیەك دەخوازین و دەیگوێزینەوە بۆ دەربڕینی واتایەکی تر کەلە هەندێ ڕووەوەو لەویتریان نزیك بێت . بۆ نموونە ( ئاگرنانەوە ) دوو واتای هەیە ( ئاگرتێبەردان ) و ( ئاژاوە نانەوە ) واتای یەکەم واتایەکی حەقیقییە واتای دووەم واتایەکی خوازەیە.

٨- زرەڕێژ: لە زمانی کوردیدا زۆر وشە بەرچاو دەکەون کە لە ڕێگای زرەڕێژەوە دروست بوونە، بریتییە لەو وشانەی کەلەزمانی بیگانەوە چۆن دروست بووە و داڕێژراوە بەهەمان شێوەش لە زمانی کوردیدا دروست بووەو داڕێژراوە . بۆ نموونە وشەیەکی وەك ( pronoun ) و ( جێناو ) کە وەرگێردراوێکی زمانی ئینگلیزییە و لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە ( pro ) واتە ( جێ ) و ( noun ) واتە ( ناو ) . هەروەها وشەیەکی وەك ( شرق شناس ) وەرگێردراوە بۆ ( ڕۆژهەلاَت ناس ) . بەم شێوە دەبینرێن ئەم وشە زرەڕێژانە لە کەرەسەی زمانی کوردی دا دروست کراون ، بەلاَم شێوەی پێکهاتنیان تیشکدانەوەی وشەی بیگانەیان پێوە دیارە.

٩- هاوواتایی

١٠ - فرەواتایی

١١- هاوبێژی .

ئەمانەی سەرەوەش ڕێگایەکی تری گەشەکردن و زیادبوونی وشەکانی زمانن.

٢- پەرەسەندنی واتای لیکسیك:

هەندێ لەو وشانەی کەلە زمانی کوردیدا دەیانبینین بەم جۆرەی ئێستا نەبووە و بەچەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووە وەك لەدایك بوون و پەرەسەندن و پەیوەندی دوورو نزیکی بەبنجی وشەکەو بلاوبوونەوەی تاکو مردنی وشەکە ، کەواتە وشە لەسەر بنەمای بەکارهێنانەوە بەدرێژایی مێژوو وشە ئالوگۆری بەسەردا دێت لەرووی فۆرم و واتاوە . بۆ ئەم مەبەستەش سێ وشەی وەك( دەست ، دڵ ، چاو ) وەردەگرین و ئەو گۆڕانکارییانە دەخەینە ڕوو کەبەسەریاندا هاتووە لە ڕووی فۆرم واتاوە.

دەست :

ئەم وشەیە وشەیەکی سادەیە ، واتاکەشی ئەندامێکی لەشی مرۆڤە.

چەندین وشەی دارێژراو و لێکدراوی لێ دروست کراوە .

دەست لە وشەی دارێژراودا ، وەك :

- دەستە : وشەیەکی دارێژراوە، بۆ نموونە :

دەستەیەك قەڵەم ( واتای ژمارە ١٢ ) دەگەیەنێت .

- دەسك : لێرەدا ( ت ) کرتاوە و دەستی شت دەگەیەنێت وەك : دەسکی دەرگاکە شکا.

- دەسکە : پێکهاتووە لە ( دەست+ ەکە ) لێرەدا ( ت ) کرتاوە بۆتە ( دەسکە ) کەواتای چەپکێك دەگەیەنێت ، کە ئەمەش واتای ژمارە دەدەات وەك: دەسکە گوڵێکم بۆ برد.

- دەزگا : پێکهاتووە لە ( دەست + گا ) بەڵام ( ت ) کرتاوەو ( س ) گۆڕاوە بۆ ( ز ) و بۆتە ( دەزگا ) کە واتای شوێن دەدات ، وەك:

کتێبەکەم لە دەزگای مۆکریان چاپکراوە.

- دەستوور : پێکهاتووە لە ( دەست + وور) کەواتای یاسا دەدات.

دەست لە وشەی لێکدراودا:

- دەسماڵ : پێکهاتووە لە ( دەست + ماڵ ) و ( ت ) سواوە.
- دەستەسڕ: پێکهاتووە لە ( دەست +ە + سڕ ( ڕەگی سڕینە ) .
- دەزگیران : پێکهاتووە لە ( دەست + گیران ) .
- دەستنووس : پێکهاتووە لە ( دەست + نووس ( ڕەگی نووسین ) .
- دەسنوێژ : پێکهاتووە لە ( دەست + نوێژ ) (ت ) سواوە.
- دەستەخوشك: پێکهاتووە لە ( دەست + خوشك ) .
- دەستکەوت: پێکهاتووە لە ( دەست+ کەوت ).
- دەستپێکردن : پێکهاتووە لە (دەست+پێکردن ).
- دەستکرد : پێکهاتووە لە ( دەست + کرد ).

دەست لە جووتە وشەدا :

- دەستە دەستە : واتە کۆمەڵ کۆمەڵ.
- دەست و برد: واتە یەکسەرو خێرا.
- دەستاودەست : واتە شتێك کە ئەم دەست و ئەو دەستی کردبێت.
- دەست و پل: واتە دەست و پەنجە.

دەست لە ئیدیەمدا:

-دەستپاك : واتە ئەمین

- دەست پیس : واتە دز

بەدەسەلاّت : واتە دەست ڕۆیشتوو.

- بیّ دەسەلاّت : واتە بیّ توانا.

- دەستبڕ: واتە فیڵباز و دز.

- دەستبلاّو : واتە دەست بەماڵی خۆیەوە ناگریّت.

-دەست بۆ ئاڵتون دەبات دەبیّتە خۆڵ.

- دەستی ئەوی تیّدایە.

- دەستی لیّ شووشتووە.

-دەستی خستۆتە سەر دەست .

- دەست بەسەرە.

- شەیتان دەستی لیّشتووە

.

دەست لە پەندی پێشیناندا:

- دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.
- چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت.
- دەستێك نەتوانم ببڕم ماچی دەکەم.
- دەست دەست دەناسێت.
- زماندرێژی دەستکورتە.
- هەر لە دەست و پەنجەی خۆی دێت.
- فێری ڕۆیشتن ببە ئینجا دەسبکە بە ڕاکردن.
- دەستی بەکڵاوی خۆی گرتووە تا با نەیبات.

دڵ:

دڵ له وشەی سادەدا :

دڵ ئەندامێکی لەشی مرۆڤە و خوێن دەگوازێتەوە و دابەشی دەکات بەهەموو لەشی مرۆڤ.

دڵ لەوشەی دارێژراودا :

دڵدار: پێکهاتووە له (دڵ+دار) : خۆشەویستی ( دار) خاوەنییەتی دەگەیەنێت.

دڵداری: خۆشەویستی.

دلۆڤان: دۆست ، خۆشەویست.

دڵ له وشەی لێکدراودا:

دڵزار: پێکهاتووه له (دڵ+ ئازار) واته غەمگین.

دڵشاد: بەکەیف

دڵخواز: چۆته دڵ

دڵئارام: سەبر

دڵ له ئیدیه‌مدا:
دڵپاك: رق و كینه‌ی له دڵدا نیه.
دڵپیس: به گومان
دڵنه‌رم : به‌به‌زه‌یی
دڵ ره‌ق : دڵ قایم
دڵناسك: هه‌ست ناسك
دڵگیر : دوو واتای دژی هه‌یه : دڵفرێن ، غه‌مگین
دڵ ته‌نگ : غه‌مگین
دڵ خۆش : كه‌یف خۆش
دڵبه‌ند: دڵ پێوه‌بوون
دڵ ته‌ر: كه‌یفخۆش
دوو دڵ: به‌گومان

دڵ سارد: بەدڵ نەبوون
دڵ گەرم: دژی دڵ ساردە
دڵ ڕەش: دڵ پیس ، دڵ ڕەق
دڵڕاگرتن: دڵنەشکاندن
دڵمردوو: خەمۆك، حەز نەکردن لەشتی جوان
دڵڕەنجاو: دڵشکاو
دڵکرمن: دڵپیس
دڵسووتان: بەزەیی هاتنەوە
دڵ دانەوە: دڵخۆشیکردن
دڵ وەستان: دڵ لەکار کەوتن.

دڵ  لە پەندی   پێشینانداا :
دڵ  ئاوێنەی  دڵە
دڵ شووشەیە کە شکا چاك نابێتەوە.

چاو:

چاو لە وشەی سادەدا:

ئەندامێکی لەشی مرۆڤە ، واتە دیدە

چاو لە وشەی دارێژراودا:

چاویلکە.

چاو لە وشەی لێکدراودا:
چاوڕەش
سەرچاوە: کانگە
چاووزار: ناوی دوعایەکە لە مل دەکرێت بۆ خۆ پاراستن لەچاوی حەسوودی .

چاو لە جووتە وشەدا:
دەم و چاو: ڕوخسار
چرۆچاو: ڕوخسار بۆ ڕق و کینە بەکاردێت.

چاو لە چاوگی لێکدراودا :

چاونوقاندن: چاوقوچاندن

چاولێکنان: نوستن یا مردن

چاولێخشاندن: سەرپێی سەیر کردن

چاو له ئیدیەمدا :

چاوپیس: حەسوود

چاوتیژ: وردبین

چاوکز: کەمبین

چاوبرسی: چاوچنۆك

چاوحیز: چاوشۆڕ

چاوقایم: بێ چاووڕوو

چاوکراوە: شارەزا و زیرەك

چاولێپۆشین: لێبووردن

چاوچاوی نابینێت: تاریکە

کل لە چاو دەدزێت : دزێکی بێ هاوتایە

چاوی تێبڕیوە: بەتەمای ئەو کەسەیە

چاوی لێ سوورکردەوە: لێی تووڕەبوو
چاولەدەر: سەیری ئافرەتی تر دەکات
ئاگر لەچاوی دەباری: تووڕەیە
چاوبەچاو دەکەوێتەوە : دواتر هەرکارتان بەیەك دەبێت
هیچی لەبەر چاو نیە : بێ وەفایە
لەبەر چاوم کەوت : خۆشەویستی جارانی نەما
دەچێتە ناو چاوەوە: ڕووی قایمە
چاوی ڕەشکەو پێشکە دەکات : چاوی کەم حوکم بووە